# دروستکردنی پێوەندی هونەری چەند

● تێکەڵاوی و پێوەندی هونەری نێوان گەلان هۆکارێکە بۆ زیاتر تێکـەڵاو بوون و نزیکبوونی گەلان و شـارەزایی بوون لەمێژوو و فەرهەنگ و کەلتوری یەکتـری، لەهەمان کاتدا ئەم پردەی پێوەندییە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ نەهێشتنی ڕەگەکانـی دووبەرەکـی و زاڵبوونـی پەیامی ئاشـتی و خۆشەویسـتی لەنێوان گەلان، بۆ ئەم مەبەسـتە و زانینی گرنگی ئەم پێوەندیانە چەند هونەرمەندێکمان هێنایە ئاخافتن کە بەمشـێوەیە ڕاوسەرنجی خۆیان سەبارەت بەپێوەندی هونەری و ئەو لایەنەی کە پێویسـتە بەم کارە هەسـتێت، دەربڕی. ●

## هەندێك کەس هەن لەخۆیانەوە ئەو کارە دەکەن

هونەرمەنـدی گـەورە ئەنـوەر قەرەداغی بەمشـێوەیە دەڕوانێتە ئەم بابەتە: ئەگەر سەیری بابەتی دروسـتکردنی پێوەندی هونەری بکەین دەبینین جۆرێـك لەفەوزا هەیە، چونکە هەندێك کەس هەن لەخۆیانەوە ئەو کارە دەکەن لەکاتێکدا ڕێگای تـر هەیە بۆ ئەنجامدانی، ئەویش تەنیا ئەنجامدانی کۆنسێرت نییە، بەڵکو پێویستە کەڵك لەکەسـانی بەئەزموون وەربگیرێت کە لەدەرەوەی کوردستان بهێنرێن خولی تایبەتی و وۆرکشۆپیان بۆ بکرێتـەوە لەبوار و پسـپۆرییە جیاجیاکانی هونەری، ئەمەش لەڕێگای لایەنی پێوەندارەوە دەبێت لەپێش هەمووشیانەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە تائێسـتا وەك پێویست بەو ئەرکە هەڵنەستاوە و ئـەو کارانەی ئەنجامدراون لەئاسـتێکی زۆر نزمدان، هەروەها پێویسـتە وەزارەتی پەروەردەش لـەم ڕووەوە ڕۆڵـی خۆی هەبێـت بەتایبەتی لەبواری مۆسیقا.

ئێمە لەکۆمەڵگەیەکداین کە پێویسـتمان بەوە هەیە پێوەندی هونەریمان بەهێز بکەین و سـوود لەئەزموونی وڵاتانی پێشـکەوتوو وەربگرین بۆ ئەوەی بگەین بەئاستی ئەوان ئەمەش کارێکە وا بەئاسانی نایەتە دی.

دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کەلتور و هونەری ڕەسەنی خۆمان نیشانی میللەتانی جیهان بدەین

مامۆسـتا جەمال محەمەد سەرۆکی تیپی مۆسـیقای دهـۆك ئەمیش بیـروڕای خۆی بەمشێوەیە خستەڕوو: ئێمە وەك کورد پێویستمان بـەوە هەیـە پێوەنـدی هونـەری بەهێزمان هەبێت لەگـەڵ میللەتانی دەورووبەر وەك تـورك و عەرەب و فارس، بەڵام ئەمە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە پێویستە ئەم جۆرە پێوەندیانە ڕێك بخات و زەمینە سازییان بۆ بکات، بێگومـان بوونی ئەم جۆرە پێوەندیانە کارێکـی زۆر گرنـگ و پێویسـتە، چونکە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئـەوەی کەلتور و هونەری ڕەسەنی خۆمان نیشانی میللەتانی جیهان بدەین بەتایبەتی دراوسـێکانمان، ئـەم کارە لەڕێگای هونەرمەندانی ئەم میللەتانەوە دەبێتە هی ئەوەی نەك تەنیا ئاشـنای هونەری ئێمـە بن، بەڵکو لەنزیکـەوە زانیارییان دەربارەی میللەتی کورد و ئاشنای جۆرەکانی هونەری ئێمە دەبن بەتایبەتی لەو بۆنە و فیسـتیڤاڵانە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك ئامادەی دەبن.

## چەندە دروستکردنی پێوەندی پێویستە لەویش گرنگتر پەرەپێدان و پاراستنی کەناڵەکانی پێوەندییە

هونەرمەند قادر ئەسعەد بەمشێوەیە دەربارەی دروسـتکردنی پێوەندی هونەری هاتە ئاخافتن: بەڵـێ دروسـتکردنی ئـەم پێوەندییە لەسـەر بنچینـەی کاری هاوبـەش و گۆڕینـەوەی زانیاری و ڕێکخسـتنی چالاکی و فیستڤاڵە نێونەتەوەییەکان کارێکی پێویسـتە کە دەبێت ئەنجام بدرێت لەویش پێویستتر ئەوەیە کە چۆن بتوانیت گرنگی بەدرێژخایەنی ئەم کەناڵە بدەین کە ئێمە ناوی دەنێیـن پێوەندی، چونکە بەبێ گرنگیدان بەلێپرسـینەوە بنەمای ئەم پێوەندیانە دەبێتە هۆی دووچاری شکسـت و هەرەسهێنان، بەپێچەوانـەش گرنگیـدان و بـەردەوام بوونی پێوەندییەکان و پاراستنی کەناڵەکانی لەیەکتر نزیـک بوونەوە دەبنـە هۆیَ گەشـەپێدان و وەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەکۆتاییشدا سوودو قازانجـی هەردوو لایەنـی لێدەکەوێتەوە، بۆیە چەندە دروسـتکردنی پێوەندی پێویستە لەویش گرنگتـر پەرەپێدان و پاراسـتنی کەناڵەکانی پێوەندییە.

قادر ئەسـعەد وای دەبینێت بەپلەی یەکەم لەڕێگای دەزگاکانی حکومەتەوە ئەم پێوەندیانە دروست دەکرێن بۆ نموونە پێوەندییە هونەریەکان دەبێت لەڕێگای وەزارەتی ڕۆشـنبیرییەوە بێت، چو نکـە دروسـتکردنی پێوەندی لەسـەر ئاستی بەرز و چالاک پێویستی بەبنەمای پتەو و دەزگایەکی فەرمی هەیە تاکو پشتگیری لیَ بکرێت، بەڵام لەپاشاندا لەسەر ئاستی ئەم پێوەندیانە دەتوانرێت تاکەکانیـش پێوەندی خۆیان دروسـت بکەن و درێژەی پێبدەن.

بەدرێژایی مێژوو وڵاتانی دەرووبەر و دراوسیَ دەنگ و ڕەنگی کوردیان پشتگویَ خستووە، ئەمە سەرەتای قسەکانی ئەنوەر سندی سینەماکار بوو، کە زیاتر دەڵیَ: دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ لەباشووری کوردسـتان کەلتور و مێژوو و هونەری کوردی سنووری کوردسـتانی تێپەڕ کرد بەرەو جیهانی دەرەوە و بیسـت ساڵە هونەری کوردی بەئازادی ئەنجام دەدرێت، بۆیە بۆ ئەوەی کەلتوری خۆمان بەجیهـان بناسـێنین پێویسـتیمان بەتێکەڵاوی نێونەتەوەیی هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ ڕووسـیا، فەرەنسـا، ئیتاڵیا کە خاوەن کەلتور و هونەرێکی بەربـڵاون لەجیهان و دەبێتە هۆی پێشـکەوتنی هونـەری کوردی لەهەموو بوارەکانی هونەر وەك موزیك، ئەدەب، شـانۆ، سـینەما و شێوەکاری، چونکە ئـەم میللەتانە خاونی ئەزموونی دەیەها ساڵن، بەشێوەیەکی گشـتی هەرچەند پێوەندییە هونەرییەکانی کورد لەگەڵ ڕۆژئاوا بەهێزتر بن، ئەوەندە زیاتر دەتوانین هونەری خۆیان بناسـێنن لەسـەر ئاسـتی جیهانی، بەڵام تا بەردەوام بین لەوەی هونەری دراوسێکانمان بکەین بەسیمبول، ئـەوا وەك دوایین فارگۆنی شـەمەندەفەرمان لێدێت، هەرچەند شەمەندەفەر خێراتر بڕوات ئێمە هەر لەکۆتایی دەمێنینەوە.

ئەنوەر سـندی هەروەها دەڵـیَ: ئەمە کاری هەر تاکێکی کوردە، بەڵام ئەگەر بەشـێوەیەکی فەرمی سـەیری ئەم مەسـەلەیە بکەین ئەرکی چەندین لایەنە بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشـنبیری پێویسـتە بەڕێوەبەرایەتییەکـی تایبەتی هەبێت بۆ دروسـتکردنی پێوەندی لەگەڵ هونەرمەندان، هەروەها کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پێویسـتە ئەم پێوەندیانە دروسـت بکەن، لەلایەکی دیکەوە پێویسـتە خودی هونەرمەنـدان پێوەندییەکانی خۆیـان فراوانتر بکەن لەگـەڵ هونەرمەندانی دەرەوەی کوردستان.



**پێویستە پێوەرێکی ئەکادیمی هەبێت و هەموو کەسێك بەهونەرمەند ناونەنرێت**

میوزیکژەنی لاو هەڵبەست سەلاح دروستکردنی پێوەندی هونەری بەکارێکی گرنگ دەزانێت و دەڵێت: دیارە پێوەندی هونەری تەوەرێکی زۆر گرنگە و بەبۆچوونی من لەقۆناغی ئێستای هونەری کوردی کە بەدەر نییە لەو پێشکەوتنانەی لەجیهان و دەوروبەرماندا ڕوودەدەن، لەم ماوەیەدا چەندین سەردان و گۆڕینەوەی بیروڕا لەبوار کەلتوری و هونەری لەگەڵ وڵاتان ڕوویداوە، چەندین کۆنسێرت لەوڵاتە جیاجیاکان ئەنجام دراون، هەروەها لەوڵاتی خۆشمان میوانداری هونەر و کەلتوری گەلانی دیکە کراوە ئەمە بۆ خۆی تێکەڵ بوون و ئاشنابوون و کرانەوەی دەروازەیەکە بەڕووی هونەری کوردی بۆئەوەی شان بەشانی هونەری میللەتانی تر هەنگاو بنێت، سەبارەت بەو لایەنەی کە پێویستە بەم کارە هەستێت پێموایە ئەرکەکە دوو لایەنەیە، سەرەتا هونەرمەند خۆی بەر لەهەموو کەسێك دەبێ هەوڵ بدات کارە هونەرییەکانی هاوشان بکات لەهەموو لایەنەکانەوە و بەو ئاقارە هەنگاو بنێت کە کارە هونەرییەکانی لەفیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان جێگای خۆی بکاتەوە، هەروەها دەمەوێ لێرەدا ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانیش بخەمە ڕوو، ئەرکی ئەمانە ئەو دەرفەتە بۆ هونەرمەندان بڕەخسێنن، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ئەوانەی کە هونەرمەندن زیاتر هان بدرێن، لەم ڕووەوە پێویستە پێوەرێکی ئەکادیمی هەبێت و هەموو کەسێك بەهونەرمەند ناونەنرێت و گەشتێکی دەرەوەی بۆ ڕێك بخرێت، چونکە زۆر جار بینیومانە کە داهاتێکی زۆر خراوەتە بەر دەستی چەندین گرووپ کە تەنیا بەشدارییان کردووە و بەشداربوونە کە هیچ مانایەکی نەبەخشیوە.

هونەرمەند کامەران حەسەن سەرپەرشتیاری گرووپی بێسارانی دەڵێ: بەدڵنیاییەوە پێوەندی هونەری نێوان هونەرمەندان و نەتەوەکان یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی پێشکەوتن. ئەو هونەرمەندە پێیوایە پێویستە هونەرمەند پێوەندی لەگەڵ هونەرمەندانی ناوخۆیی و دەرەکی هەبێ. ئەم پێوەندیانە جگە لەناساندنی کارە هونەرییەکانی خۆی وادەکات گوێ لەکاری تازە و بیروڕای تازە بگرێت. داخستنی دەرگاکان تەنیا دەبێتە هۆکارێك بۆ دواکەوتن. کاتێك گوێ لەکاری هونەرمەندانی نەتەوەکانی تر دەگرم دەبینم چەند خزمەتی مۆسیقای ڕەسەنی خۆیان دەکەن چەند هەوڵ بۆ پێشخستنی مۆسیقای خۆیان دەدەن.

کامەران لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: بێشك ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەر وڵاتێکە هەوڵ بۆ پێوەندی دروستکردن بدات، بەداخەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان وەك دیارە بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆکاری هونەری بەتایبەت مۆسیقا نییە. بەتایبەت مۆسیقای ڕەسەنی کوردی کە بێناز کەوتووە. بەداخەوە هیچ کاتێك نەمبینیوە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی لەم وڵاتە لەئەولەویەتدا بێ.


هونەرمەندی لاو و بەتوانای ڕۆژئاوای کوردستان شەیدا شەیدا دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێ: ئەگەر سەیری هونەری کوردی بکەین دەبینین بارودۆخی سیاسی و دابەشبوونی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە هونەری کوردیش وەك گشت بوارەکانی دیکەی ژیان پشتگوێ خراوە، بۆیە دروستکردنی و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ میللەتانی دەوروبەر کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین کەلتور و هونەری خۆمان بەم میللەتانە بناسێنین و لەو ڕێگایەشەوە کێشەی ڕەوای خۆمانیان پێ بناسێنین و پێیان بڵێین ئێمەش خاوەن هونەر و فەرهەنگ و کەلتوری خۆمانین، چونکە هونەر و کەلتور بەبنەمای سەرەکی بوونی هەر میللەتێك دادەنرێت و بەم کەلتورەش دەناسرێتەوە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی دروستکردنی پردی پێوەندی نێوان هونەری کوردی و هونەری میللەتی دیکە بدات و گرنگییەکی زۆریش بەم بوارە بدات و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەویش لەڕێگای سازکردنی فیستیڤاڵی هونەری بەردەوام لەکوردستان و بەشداری کردنی لەفیستیڤاڵە جیهانییەکان لە دەرەوە دێتە ئاراوە.


هونەرمەند جەمال محەمەد


هونەرمەند ئەنور قەرەداغی


هونەرمەند قادر ئەسعەد


هونەرمەند هەڵبەست


هونەرمەند شەیدا



# سکارلێت باس لەئابڕو بردنەکەی خۆی دەکات



سالْی پار لەڕێگای چەند کەسێکەوە مۆبایلی سکارلێت جوهانسنی کچە ئەکتەری ئەمریکی هاك کرا و ژمارەیەك وێنەی ڕووتی بڵاوکرایەوە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سکارلێت هەبوو.

لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (Stylist) بەم شێوەیە باسی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی کرد و گوتی: هەستێکی زۆر ناخۆش و ترسناك بوو بۆ من، هەستم کرد پێشێلی ئازادی تاکە کەسی من کراوە و تا ئەو کات هەستم بەلاوازی خۆم نەدەکرد، بەڵام ئێستا لەهەموو لایەك زۆر بەورياییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتانە دەکات و ئاگاداری هەنگاوەکانی خۆیەتی، سکارلێت هەر سەبارەت بەم ڕووداوە دەڵێ: بۆ ماوەیەك هەستم دەکرد کە کەسێکی زۆر نزیکی من هەستاوە بەبڵاوکردنەوەی وێنەکانم، بۆیە لەهەموو هاوڕێکانم بەگومان بووم تەنانەت ئەوانەی ٢٠ ساڵ بوو هاوڕێم بوون و لەخۆم دەپرسی دەبێ ئەو کەسە کێ بێ کە لەپشتەوە خەنجەری لێداوم.



# ڕیکلامێکی ڕاشیل قەدەغە کرا

خانمە ئەکتەری بەریتانی ڕاشیل ویز وەك میوان بەشداری لەبەرنامەی (زە دەیلی شۆ ) کرد کە جۆن ستیوارت پێشکەشی دەکات، بەڵام دەرکەوتنی لەم بەرنامەیەدا ئاسایی نەبوو، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی سەرنجی بینەرانی بۆ خۆی ڕاکێشا.

راشیلی تەمەن ٤٢ ساڵ وەك کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵان لەبەرنامەکە دیار بوو، چونکە دەموچاوی زۆر جوان و ساف بوو، هەر بۆیەش ڕاشیل ئەم دەرفەتەی قۆزتەوە بۆئەوەی پڕوپاگەندە بۆ فیلمە نوێیەکەی (The Deep Blue Sea) کە شان بەشانی تۆم هیدلستۆن بەشداری تێدا دەکات، لەلایەکی دیکەوە ڕیکلامێکی ڕاشیل لەتەلەفزیۆنەکانی بەریتانیا قەدەغە کرا، ئەم ڕیکلامەی ڕاشێل بۆ کرێمێك بوو بۆ نەهێشتنی لۆچەکانی دەموچاو بۆ کۆمپانیای (لۆریال)ی تایبەت بەکەرەستەی جوانکاری و هۆکاری قەدەغە کردنیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەموچاوی ڕاشیل بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ هەندێك دەستکاری کراوە، ئەمەش لەگەڵ مەرجە تەندروستییەکان ناگونجێت.

# جۆلیا حەز دەکات منداڵ





## گەڕانەوەی ڕەزان ئاسان نییە

کەناڵی (الحیاه) لەبەیاننامەیەکدا ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لەگەڕانەوەی ڕەزان مەغریبی پێشکەشکار دەکەن بۆ دووبارە پێشکەشکردنەوەی بەرنامەکەی دوای وەستانی بەرنامەکەی بەر لەساڵێك.

پێویستە بوترێت بەر لەماوەیەك بەیاننامەیەك لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بەناوی موعتەز سەلاحەدین ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی کەناڵی ناوبراو بڵاوکرایەوە گوایە دووبارە ڕەزان مەغریبی دەگەڕێتەوە بۆ کەناڵەکە و بەرنامەکەی خۆی پێشکەش دەکاتەوە، بەڵام موعتەز ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستەوە و ڕاشیگەیاند کە ڕێوشوێنی یاسایی دژی ئەو کەسە دەگرینە بەر، لەبەیاننامە ساختەکەدا هاتبوو کە دووبارە ڕەزان مەغریبی دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەکانی شان بەشانی جۆرج قرداحی و ڕۆلا سەعد.

شایەنی باسە دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەکی سێکسی ڕەزان مەغریبی کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر ڕەزان دروستکرد بەجۆرێك لەهەموو چالاکییەکان دوورکەوتۆتەوە و بەرنامە تایبەتییەکەی لەکەناڵی (الحیاه) ڕاگیرا.


## ...ەکانی بترسێنێت

خانمە ئەستێرەی سینەمایی جۆلیا ڕۆبیرتس ڕایگەیاند کە زۆر حەز دەکات بەگاڵتەجارییەوە منداڵەکانی خۆی بترسێنێت، هەرچەندە زۆر هەست بەخۆشی ناکەن کاتێك دەیانترسێنم.

جۆلیای تەمەن ٤٤ ساڵ لەبەرنامەیەکی جەماوەر لەگەڵ بێژەری بەناوبانگی ئەمریکی ئیلین دیجینیریز لەنیویۆرك گوتی: کاتێك منداڵەکان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و نازانن من لەکوێم خۆم دەشارمەوە دواتر لەناکاو بەسەریان دەقیژێنم، بەڵام ئیلین تۆڵەی منداڵەکانی لەجۆلیا کردەوە کاتێك خۆی لەشوێنی هەڵگرتنی جلوبەرگەکان شاردەوە ئەمەش بووە ترسی جۆلیا و زۆر بەبەرزی قیژاندی، شایەنی وتنە ئێستا جۆلیا ڕۆڵی شاژنێکی خراپەکار دەبینێت لەفیلمێکی نوێ کە باس لەچیرۆکێکی ئەفسانەیی دەکات و بەشێکی لە کەلتووری کۆنی ئەڵمانی وەرگیراوە و لەلایەن هەردوو برا جریم نووسراوەتەوە.

## سەعدوڵڵای نەسیری مەقامبێژو ئاوازدانەری ناسراوی سنە:

# بۆ یەکەمینجار لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا (سەید عەلی ئەسغەر) مۆسیقای شاریی داهێنا



سەعدوڵڵای نەسیری یەکێکە لەو ژەنیارو ئاوازدانەرە ناسراوانەی شاری سنە کە توانیویەتی لە چەندین ئەلبوومیدا جوانی ئەفسانەیی و ئەندێشەیی مەقامەکانی ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردی لە شێوازی (سۆزی خانەقایی) وەك مەقامی (هەرا) و مەقامی (دەرەیی) بەشێوەیەکی بەرچاوو کارامانە بڵێتەوە، کەسێکە کە بە ئامێری (دیوان)ەوە حەوت دەزگای مۆسیقی ژەنیوە، کە ئەمەش لەسەر ئاستی مۆسیقای دنیا کارێکی هونەری ناوازەیە، شوێنی یەکتر ناسینمان لەسەر مەزاری پیرۆزی هونەرمەندی مەزن (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) بوو، کاتێك وەك شاندی پێشەنگای کتێبی کوردی لە سنە بەو زیارەتەش هەستاین، لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ سنە لە گفتوگۆیەکیدا کە لە ناو پاسێکدا قسەی بۆ کردین، بەڕێزیان پێی وا بوو کە تا ئێستا بە شێوازگەلی تیۆریی، لەسەر ئاستی مۆسیقای مەقامیی هیچ جۆرە کارێکی گشتگیر ئەنجام نەدراوە، گەرچی بە پراکتیکی کاریش بۆ مەقامات کرابێت، مەقاماتی ناوچە کوردنشینەکانی کە مۆرکی ڕەسەنی کوردەوارییان پێوە دیارە، بۆ سێ چەشنی پۆلین کرد: یەکەمیان بە مۆسیقای ئاوازی و مەقامیی ناوی هێنان، دووەمیان میلۆدیی، سێیەمینیان ڕیتمە، وەك ریتمەکانی حەوت هەشتەمی (گەڕیان)، کە لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سوودیان لێ وەرگیراوەو بەڵام هەر بە مۆرکە کوردییەکەیەوە وەریانگرتووەتەوەو هەرچەندی کردبێتیان نەیانتوانیوە ئەو مۆرکە ڕەسەنەی بشێوێنن، (نەسیری) پێی وا بوو کە بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا کاتێك مۆسیقای شاریی وەك تاقانە مۆسیقای کلاسیکی کوردی سەری هەڵدابێت، لە کاتی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دەستی پێکردووە، ئیتر میلۆدییە باوەکانی کە بە نەگۆڕاوەیی تا ئێستا ماونەتەوە ئەوانە بۆ خۆیان بناغەیان لە مۆسیقای یارسانەوە هاتووە کە پێشینەیەکی هەزاران ساڵەی هەیەو ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر مۆسیقای فارسی و تورکی و عارەبیش داناوە، تەنانەت مۆسیقارە گەورەکانی کوردیش تا ئێستا نەیانتوانیوە هەموو سەرچاوەکانی ئەو میلۆدییانە کۆبکەنەوەو ئەمەشی لە چەند دیمانەیەکدا باس کردووەتەوە، پێی وابوو تەنیا کەسێك کە لە دیوی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ئامێریدا توانیبێتی سەرجەم مۆسیقای (تەموورە) بە بەرنامە کۆبکاتەوە (عەلی ئەکبەری مورادی)یەو لە ژێر ناوی مۆسیقای مەقامی کوردی ناسیونی، دواتر گرووپەکانی پوورنازری و کامکاران و عەندەلیبیەکان و مەزهەری خالقیش لە کۆکردنەوەی ئەو بەرهەمانەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، بەڵام پێی وایە ئەمەی کراوە وەك هەڵگۆزتنی گۆزە ئاوێکە لە زەریایەکی بێ بندا، نەسیری داخی لەوەش دەخوارد کە زۆربەی زۆری مۆسیقارە کوردییەکان مەقاماتی کوردی ناناسن، ئەوانەشیان کە چڕیویانە بە نیوە هومایوونی یان نیوە سێگاهی یان گۆشە نیگایەکیان لە مەقام هەبووەو کەم کەمانە خۆیان لە قەرەی داوە، لە کاتێکدا مەقام بناغەو بنەمای مۆسیقای کوردییە، تەنانەت ژەنیارەکانیش لە بواری ژەندنی مەقامە کوردییەکاندا لێهاتوو نین، بەڵام عەلی مەردانی وەك نموونە هێنایەوە کە توانیویەتی بە کامڵی مەقامەکانی پێشکەش بکات و سەید عەلی ئەسغەریش لە گۆرانیەکانی زەردەی خەزان و لە بەیاتی زەندا لەم بارەیەوە سەرکەوتوو بووە، هەروەها ئاماژەی دا بە دوو مەقامی موستەفاداری مەهابادی کە مەقام بە رێکو پێکی دەڵێتەوە و شەهریبان یش وەك دەنگێکی ژنانە کە دەتوانێت کارامانە مەقامی لاوك بڵێتەوەو شوان پەروەریش لە مەقامی لاوك ئەدای باشە نەك لە ئەلاوەیسی و ڕاست، نەسیری پێی وایە تا لاوك و حەیران و سیاچەمانەو هۆرە هاوشێوەی ئاوازی ئێرانی بە نۆت نەکرێن ئەوە هەر ئاستی مۆسیقای کوردی لە دابەزیندا دەبێت و بەرەو لە ناوچوون دەچێت.

دواجار بەڕێزیان گازندەو گلەیی خۆی ئاراستە کەناڵەئاسمانیەکان کرد کە ڕۆڵێکی ی یەکجار سامناك دەگێڕن بۆ شێواندن و لەباربردنی ڕەسەنایەتی و مۆرکی مۆسیقای کوردی و تێکدانی چێژی هونەری تەنانەت گلەیی لە کۆنسێرت و ڤیستیڤاڵەهونەرییەکانی باشووری کوردستانیش هەبوو کە لە کاتی داوەتنامەو بانگهێشتیان بێ بەرنامە کەسانێك لە خۆرهەڵاتەوە بانگ ناکەن کە لەم بوارانەی باسی کردن پرۆفیشناڵانەو لێهاتووبن و سوود بە هونەری ڕەسەن بگەیەنن..

دیمانە/ بەهرە سدیق



# کەمال عەلی: دوو دڵم لەگۆرانی وتن

**لەساڵانی نەوەدەکان هونەرمەند کەمال عەلی کوردستانی جێهێشت و ڕووی لەهەندەران کرد، ئەوکات لەئاستێکی هونەری بەرزدا بوو و گۆرانییەکانی دەنگ و سەدایەکی زۆریان هەبوو لەنێو جەماوەر، بەڵام لەبەرئەوەی سەرقاڵی پێکهێنانی ژیانێکی نوێ و خۆ گونجان بوو لەگەڵ ژینگەیەکی نوێی زۆر جیاواز لەژیانی کوردستان بۆ ماوەیەك لەکاری هونەری دوورکەوتەوە یاخود دەرکەوتنی وەك پێویست نەبوو، لەدەرفەتێکدا هونەرمەند کەمال عەلی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** کە کوردستانت جێهێشت لەئاستێکی بەرزدا بووی لەڕووی جەماوەری و بەرهەمەوە، پێتوانییە کە ڕۆیشتی ئاستی جەماوەریت دابەزی؟**

- هەندێك جار شەرم دەکەم ئەگەر بڵێم هونەرمەندم، پێم وابێت ئێوە و هەموو لایەك هۆکارەکەی دەزانن.

*** بەڵام لەهەموو شوێنێك کەسانێك هەن بەناوی هونەرەوە خۆیان دەناسێنن، واتە ئەو دیاردەیەی کە ئێستا هەیە لەکوردستان لەزۆر شوێنی تریش نییە؟**

- ئەوەی کوردستان زۆر جیاوازە، چونکە بیرکردنەوەو ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئێمە ئەو کارەی پێ هەزم ناکرێت، فۆرمە هونەرییەکان تێکەڵ بوون ئەگەر تەنانەت کاری باشیش بکەیت هەر مەحاڵە.

*** لەکوردستان لەهەموو سەردەمێك ئەو دیاردەیە نەبووە؟**

- زۆر بەئاسانی دیاردەکە هونەری نییە، بەڵکو فرۆشتنی لەشە لەبەرامبەر دراو و بۆ زیاتر خۆش گوزەرانی کردنی چەند کەسێك.

*** مەبەستم تەنیا ئافرەتەکان نییە؟**

- وەکو پێشتریش وتم فۆرمەکان تێکەڵ بوون، ئەگەر کاری هونەری باشیش بکەی کارەکەت وەکو جاران زەحمەتە بڵاوببێتەوە.

*** ئایا هەر شتێك بڵاوبکرێتەوە بەکاری هونەری دادەنێیت؟**

- هونەرمەند تەنیا ئیش و کاری بەوە نارِوا کە کاری نوێی هەبێ، هەندێك لەکەناڵە ئاسمانیەکان لەشێوەی مافیەی ڕێکخراون، لەوانەیە ئەو شتانەت ئاگا لێ نەبێ، بەڵام ئێمەی هونەرمەندان ئەو شتانە دەزانین و درکیان پێدەکەین، بەڵام کێشەکەمان لەوەدایە کە هونەرمەندەکانمان یان ترسنۆکن یان ئاستی ڕۆشنبیریان ئەوەندە بەرز نییە هەست بەمانە بکەن، ئەگەر ئێوە ئاگادار بن پێش ماوەیەکی زۆر کە کەناڵی کۆرەك تیڤی کرایەوە لەگەڵ ڕێزم بۆیان چەند کەسانێکی نا شارەزا بەڕێوەیان دەبرد، لەبەر بەرهەمی چەند کەسێك زیاتر بەرهەمی کەسانی تر بڵاونەدەکرایەوە تەنانەت ئەگەر مامۆستا ناسری ڕەزازیش بوایە.

*** کەمال عەلی بۆ کێ گۆرانی دەڵێ؟**

- ئێستا دوو دڵم لەگۆرانی گوتن، جاران بۆ خۆشەویستی ئێستا نازانم بۆچی.

*** پێتوایە ئەم قسەیە هەڵە نییە کەسێکی هونەرمەندی وەك جەنابت بڵێ دوو دڵم لەگۆرانی وتن؟**

- لەوانەشە وابێت، بەڵام هۆکاری زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو قسەیە بکەم، وابزانم هەندێکیانم بۆ ڕوون کردویەتیەوە.

*** تا چەند ئامادەییت هەیە قوربانی بۆ هونەرەکەت بدەی؟**

- هونەر لەناو خوێنمایە هەتا مردن، پێمخۆشە بەردەوام بم، بەڵام بۆ من کارێکی ئاسان نییە و بەربەستی زۆرم لەبەردەم دایە.

*** بەربەستەکان تەنیا لەبەردەم تۆن یان بۆ هەموو هونەرمەندان بەهەمان شێوەن؟**

- من تەنیا باسی خۆم دەکەم ناتوانم باسی کەس بکەم و نازانم بۆ ئەوانیش هەمان بەربەست هەیە یان نا.

*** چی نوێت هەیەو خەریکی چیت؟**

- چەند بەرهەمێکی نوێمان لەبەر دەست دایە کاری بۆ دەکەین و مانگی تەمموز تەواو دەبن.

*** بۆچی تا مانگی حەوت پێتوانییە درەنگە؟**

- کارەکان دەکەونە مانگی تەمموز، چونکە بۆ تەواو کردنیان پێویستە بێمەوە کوردستان لەوێ دەنگیان بخەمەسەر، بەڵام موزیکەکە پێش مانگی تەمموز لەکوردستان تەواو دەبێت.

